## کۆبەند

١- سەرەڕای پرۆپاگەندەی خەستی فاشیزم کەسەرانسەری کوردستانی تەنی‌یەوەو سەرەڕای ئەوەی کە گەلی کورد ئیمپریالیزمی ئینگلیزو فەرەنسای بە سەرسەختترین دوژمنی خۆی دەزانی، گەلی کورد لەخەباتی ئەو قۆناغەدا لەریزی بەرەی دیموکراتی دژی فاشستی‌ی جیهاندا بوو.

٢- لەسەرەتای سالانی جەنگی دووەمی جیهاندا کۆمەڵی کوردەواری گۆڕانی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌ی گرنگی بەسەردا هات. ئەم گۆڕانە لە پەرەسەندنی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانی‌ی‌کوردستاندا رەنگی دایەوەو مۆرکی پێشکەوتنخوازانەی پێوە دیار بوو. لەو قۆناغەدا دو چینی بورژوازی‌و کرێکارانی کوردستان گەشەیان کردو لەپێکەوەنانی حزب‌و گروپە سیاسی‌یەکاندا نەخشێکی گرنگیان نواند. هەردو چین بەتوندی بەرهەڵستی‌ی دەرەبەگایەتی‌یان کردو لەسەر دورخستنەوەی لایەنە دەرەبەگەکان لەسەرکردایەتی کردنی گروپە سیاسی‌یەکان پێیان داگرت. ناکۆکی‌ی چینایەتی‌ی تێوان دەرەبەگە زەویدارەکان‌و چینی جوتیاران رۆژ بەرۆژ پەرەسەندوترو توندوتیژتر دەبو.

٣- مەسەلەی کورد کەمەسەلەی خەباتی گەلی کوردە لەپێناوی رزگاری‌و سەربەخۆیی‌ی نەتەوەییدا لاوازترین ئاڵقەی سیاسەتی ناوخۆی رژێمەکانی تورکیاو ئێران‌و عیراقە. ئەم مەسەلەیە مەگەر بە سەلماندنی هەمو مافەکانی گەلی کورد چارەسەر بکرێ ئەگینا بەهیچ شێوەیەکی تر چارەسەر ناکرێ.

٤- لەسالانی پێش بەرپابونی جەنگی دووەمی جیهاندا چەند جولانەوەیەکی چەکدارانە لەکوردستانی تورکیاو ئێران‌و عیراقدا

بەرپا بون، چەند رۆژنامەیەک بەزمانی کوردی دەرچون، حزبو گروپی سیاسیی تازە کە لاوانو رۆشنبیرانی چینە ستەمکێشەکانی گەل لەمەسەلەی دامەزراندنیاندا نەخشی تایبەتیان هەبو هاتنە سەر شانۆی روداوەکان. رێرەوی ئەو رۆژنامەو گروپە سیاسییانە دژی فاشستی بوو.

٥- لەکوردستانی عیراقدا چەند حزبێکی سیاسیی پێشکەوتنخواز کە بۆ یەکخستنی ریزەکانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان و عیراقو سەقامگیرکردنی هاوخەباتیی دو گەلی سەرەکیی عیراق خەباتێکی بێ وێنەیان بەرپا کرد، پێکەوە نران. ئەو حزبانە پەیوەندییان لەگەڵ لایەنە پێشکەوتنخوازەکانی عیراق دامەزراندو دژی دوژمنی هاوبەش واتە ئیمپریالیزمو حکومەتی پاشایەتیی عیراق تێکۆشان. حزبی هیوا کەئامانجە سەرەکییەکەی بەرهەڵستی کردنی فاشیزمو سەندنەوەی مافە دیموکراتییەکانی گەلی کورد بوو، بەشێوەیەکی نهێنی دامەزراو تا ساڵی **١٩٤٣** گەورەترین حزبی سیاسیی کوردستان بوو. بەڵام لەساڵی **١٩٤٤**دا ریزەکانی لەبەریەک ترازانو حزب بوو بە دو لەتەوە. بازوی چەپ لەحزب جیا بۆوەو وەک گروپێکی سەربەخۆ کەوتە چالاکی نواندن.

جوڵانەوەی چەکدارانەی ساڵانی **١٩٤٣ – ١٩٤٥** کەئامانجەکەی سەلماندنی مافی ئۆتۆنۆمی بوو بۆ کوردی عیراق، لەماوەیەکی کەمدا ناوچەیەکی فراوانی کوردستانی گرتەوەو تا ساڵی **١٩٤٥** درێژەی هەبو، پاشان پێشمەرگەکان ناچار بون پەنا بەرنە بەر سنوری ئێران. کوردەکانی عیراق لەپێکەوەنانی کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستانی ئێراندا بەشدار بون.

٦- لەئابی ساڵی ١٩٤١دا سوپای سۆڤێت سنوری ئێرانی شکاندو بەشێکی ناوچەکانی سەروی کوردستانو ئازەربایجانی داگیرکرد. لەکارخستنی رەزا شا، مۆر کردنی رێککەوتننامە سێ قۆڵییەکەی نێوان یەکێتی سۆڤێتو بریتانیاو ئێران، هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیی دیبلۆماسیی ئێرانو ئەڵمانیای نازیست — تەواوی ئەم رواوانە کارێکی زۆریان کردە سەر پەرەسەندنی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیی ئێران بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی. لەناوچەی بێلایەنو ناوچەی نفوزی یەکێتیی سۆڤێتدا (واتە باکوری رۆژئاوای ئێران) کۆمەڵەی ژ.ک کە جولانەوەی دیموکراتی بەجولانەوەی دیموکراتی ئێرانەوە بەستەوە، دامەزرا. قازی محەمەد کە ریفۆرمیستێکی ئایدیالیست بوو لەریزی کۆمەڵەدا وەرگیراو دوای ماوەیەکی کەم بوە ئەندامی سەرکردایەتیو پاشان سەرۆکی کۆمەڵە. کۆمەڵەی ژ.ک بەدەسپێشخەریی قازی محەمەد هەڵوەشایەوەو حزبێکی نوێ بەناوی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران جێگای گرتەوە. پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەندێ کەموکوڕی تێدا بوو.

لەساڵی ١٩٤٦دا لەناوچەی بێلایەنی ئێراندا کۆماری ئۆتۆنۆمی مەهاباد دامەزراو قازی محەمەد بەسەرۆکی کۆمار هەڵبژێردرا. حکومەتی کۆمار ئەنجومەنی وەزیرانو ئەنجومەنی نیشتمانیی لەنوێنەرانی پیاوانی ئاین، بازرگانەکان، زەویدارەکانو دەوڵەمەندانی مەهاباد پێک هێنا. دامەزراندنی کۆماری مەهاباد لەسەرانسەری کوردستاندا دەنگی دایەوە. ئەم کۆمارە لەویژدانی گەلی کورددا جێگیر بوو و خەڵکی کوردستان رواوە سیاسییەکانی ناوچەی بێ لایەنی کوردستانی ئێرانیان بەسەرەتای رزگاریی یەکجارەکیی

کوردستان دەزانی. گەل ئەم کۆمارەی بە قەڵای خەبات دانا. پێشمەرگە کوردەکانی عیراق کە لەئێراندا پەنابەر بون، لەخەباتدا بۆ دامەزراندنی کۆمارو پاراستنی بەشێوەیەکی کاریگەرانە بەشداری‌یان کرد. ئەوان هەرچی‌یەکیان هەبو بۆ پاراستنی کۆمارو شکاندنی هێرشی داگیرکەران تەرخانیان کرد. لەکانونی دوەمی **١٩٤٦**دا سەرەکی وەزیرانی ئێران قەوامی سەڵتەنەت بەبیانوی((مسۆگەر کردنی ئازادی‌ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێران))سوپای بۆ کوردستان نارد. ئەوی راستی بێ مەبەستی دەوڵەت لەناردنی سوپا دەست وەشاندن بوو لەهێزە دیموکراتەکانو جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد. رابەرانی کۆماری مەهەباد لەبەر سروشتی چینایەتی‌یان پشو درێژ، خۆڕاگرو هێندە بەتەنگ مەسەلەکەوە نەبون. ئەوان بەبێ شەڕ خۆیان بەدەستەوە دا. بەڵام ئەم کارەش دادی نەدانو لەپەتی سێدارەی دور نەخستنەوە.

**٧**- سەرەڕای پشتێنی سوپایی کە لەهەر چوار لاوە گەمارۆی کوردستانی تورکیای داوە، سەرەڕای دابڕینی کوردی تورکیا لە جیهانی دەرەوەو سەرەڕای ئەوەی کە جوڵانەوەی دیموکراتی کوردەکانی تورکیا لەو قۆناغەدا لەرووداوە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێرانو عیراق دورەپەرێز بوو، بەڵام خەباتی گەلی کورد لەکوردستانی تورکیا هەر بەردەوام بوو. تەنانەت رۆژنامە زەردەکانی تورکیاش ناچار بون باسی ئەم خەباتە بکەنو بەئاشکرا دانی پێدا بنێن.

**٨**- مێژوی خەباتی ئەو قۆناغەی گەلی کورد بەروداوی سیاسی‌ی گرنگ دەوڵەمەندە وەک دامەزراندنی کۆماری ئۆتۆنۆمی مەهاباد.

بەڵام لەو قۆناغەشدا لەمەسەلەی سەرکردایەتی‌ی جوڵانەوەی نەتەوایەتی‌دا هەندێ کەموکوڕی بەدی دەکرێن.

**٩-** دەبێ هەمیشە کەموکوڕی‌و هەڵەکانی ئەو قۆناغەمان لەبەر چاو بێ بۆ ئەوەی لاوان‌و گروپ‌و حزبە سیاسی‌یەکانی کوردستان بیانکەن بە پەندو کەڵکیان لێ وەرگرن. هەلومەرجی ئاڵۆزی جیهان بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بەمەسەلەی کوردەوە هەیە ئەوەندەی تر خەباتی گەلی کورد سەختتر، دژوارترو ناخۆشتر دەکا. لەبەر ئەوە دەبێ حزب‌و گروپە سیاسی‌یەکان‌و رابەران‌و لاوانی کورد بەچاکی پەند لەو کەموکوڕی‌یانە وەرگرن‌و ماوە نەدەن دوپات ببنەوە.

قۆناغی سێیەمی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد کە لەسالانی دەوروبەری جەنگی دوەمی جیهانەوە دەست پێ دەکا بەناوەڕۆک‌و مۆرکی شۆڕشگێڕانە لەقۆناغی یەکەم‌و دوەم جیا دەکرێتەوە. لەقۆناغی یەکەم‌و دوەمدا سەرکردایەتی‌ی جوڵانەوەکە بەدەست رابەرو سەرکردە بەناوبانگەکان بوو. ئەوان رابەڕایەتی‌ی کۆمەڵانی خەڵکی جوتیارانیان دەکردو نوچدان‌و ژێرکەوتنی جوڵانەوەکە تا رادەیەکی زۆر بەوانەوە بەسترا بۆوە. نەمانی ئەوان بڵاوەی بەجوڵانەوەکە دەکردو توشی نوشوست‌و شکانی دەکرد. بەڵام لەقوناغی سێیەمدا کۆمەڵانی خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان خۆیان جڵەوی جوڵانەوەکەیان بەدەستەوەیەو لەبەرپاکردن‌و ئاراستەکردنی‌دا نەخشی گرنگیان هەیە. ئەگەر حزب‌و گروپە سیاسی‌یەکان کەپێشەنگ‌و رابەری کۆمەڵانی خەڵکی شۆڕشگێڕ بون رێکخستنێکی پتەو و ئاستێکی بەرزی وشیاری سیاسیان هەبوایەو بەتەواوەتی شارەزای ویست‌و ئارەزوی کۆمەڵانی خەڵکی شۆڕشگێڕ بونایە، ئەگەر ئەو حزب‌و گروپانە لەپرۆگرام‌و دروشمەکانیاندا مەسەلەی

زەوی‌و نەخشی سەرەکی‌ی جوتیارانیان یەکالا بکردایەتەوە، دەیانتوانی بەجۆرێک پێشڕەوایەتی‌ی گەل بکەن کە هەر چی گیروگرفت‌و کەموکوڕی‌ی ناو جولانەوەکەیە بەڕێکوپێکی چارەسەر بکرێ. ئەگەر وایان بکردایە، دەیانتوانی کەسانی دودڵ، ڕاڕاو ناشۆڕشگێڕ لەریزی جولانەوەکە دەرکەن‌و جولانەوەکەیان لێ پاک بکەنەوە.

بەبڕوای ئێمە گرنگترین کەموکوڕی‌یەکانی قۆناغی سێیەمی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانی‌ی کوردستان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەردەکەون:

ا- لەو قۆناغەشدا سەرکردە پێشکەوتنخوازو دیموکراتەکان لە پرۆگرام‌و دروشم‌و پراتیکدا بەپێی پێویست گرنگی‌یان بەمەسەلەی زەوی‌و نەخشی جوتیار لەجولانەوەی نەتەوەییدا نەداوە. مەسەلەی زەوی کە مەسەلەیەکی سەرەکی‌و بنچینەیی‌ی جولانەوەی نەتەوەیی‌یە بەڕێکوپێکی چارەسەر نەکرا.

ب- سەرکردە دیموکراتەکان لەداڕشتنی پرۆگرامی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا زۆر لیبرالیانە بۆ مەسەلەکە چون‌و دەرگای وەرگرتنی ئەندامانیان لەسەر پشت بۆ هەموان بەبێ جیاوازی کردەوە. ئەمە کارێکی وای کرد لایەنە دەرەبەگ‌و ئاینی‌یە کۆنەپەرستەکان کە لەمەسەلەی بەرەو پێشەوە چونی جولانەوەی دیموکراتی‌دا نەخشی خراپیان هەیە، لەریزی حزبدا نفوزو دەسەلاتێکی زۆر پەیدا بکەن.

ج- لایەنە پێشکەوتنخوازو دیموکراتەکان بەرامبەر بەلایەنە خێڵەکی‌و دەرەبەگەکان سیاسەتێکی نەرمیان گرتە پێش‌و هیچ شتێکیان بۆ لەکارخستنیان نەکرد. بەپێچەوانەوە ڕێگایان پێدان

بێنە ناو سەرکردایەتیو هێشتیان جوڵانەوەکە بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان تەرخان بکەن. ئەم دیاردەیە لەکۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستانی ئێراندا بە بەرچاوترین شێوە دەردەکەوێ بەتایبەتی کەروداوەکان بەئاشکرا ساغیان کردەوە کەئەو لایەنانە لەئەنجامی سیاسەتو ساتو سەوداکاریدا بونە هۆی لەناوچونی کۆمار.

د- ئەگەرچی لایەنە پێشکەوتنخوازو دیموکراتەکان ئاگاداری ڕاڕاییی قازی محەمەد بونو دەیانزانی لەجوڵانەوەی دیموکراتیدا هیچ هەڵوێستێکی توندو ئاشکرای نابێو ریفۆرمە سەرەکییەکان پشت گوێ دەخا، کەچی چاویان لەو کەموکوڕییانە پۆشیو هیچ هەڵوێستێکی بەرهەڵستکارانەیان پیشان نەدا.

هـ —پێویست بوو لەسەر لایەنە پێشکەوتنخوازو دیموکراتەکان چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ مەسەلەی خزمایەتی لەریزی حزبی دیموکراتو دەزگاکانی کۆماردا بدۆزنەوە. لەئەنجامی ئەم دیاردەیەدا هەندێ لەسەرکردەکانی حزبو کۆمار بەشێکی زۆری خزمو ناسیاوەکانی خۆیان لەدەوری خۆیان کۆکردەوەو بەبێ ئەوەی ئەو خزمو ناسیاوانەیان توانای بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسییان هەبێ کرانە لێپرسراوی گەورەو دەسەڵاتێکی زۆریان پێ درا.

لەساڵانی **١٩٤٥** و **١٩٤٦**دا کوردەکان لەهەمو رویەکەوە باڵادەست بون، چەکو کەرەستەیەکی زۆریان هەبوو و بێ ئەندازە ئامادەی فیداکاریو گیانبازی بون. کەچی سەرەڕای ئەو هەلومەرجە لەبارە جوڵانەوەکە بەئاسانی هەرەسی هێنا، سەرکردەکان ئاشبەتاڵیان لێ کردو خۆیان بەدەستەوە دا.

و- لایەنە دیموکراتو پێشکەوتنخوازەکانی ئەو جولانەوەیە نەیانتوانی تێکۆشەری دڵسۆزو کەسانی خۆویستو ڕاڕا، پێشکەوتنخوازو کۆنەپەرست لەیەک جیا بکەنەوە. لەبەر ئەوە بەچاکی کەڵکیان لەکەسانی خۆڕاگرو دڵسۆز وەرنەگرتو نەیانتوانی بەپێی قازانجی جولانەوەکە بیانخەنە گەڕ.

ی- سەرکردەکانی کۆماری مەهابادو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەهیچ چەشنێک ماوەیان بەکەس نەدا رەخنەیان لێ بگرێ. ئەوان هەمو دیدێکی رەخنەگرانەیان بەدژی خۆیان دەزانیو لەبریتی ئەوەی بەخۆیاندا بچنەوەو رێبازێکی رێکوپێکتر بگرنە پێش، گوناهی ئەوەیان دەخستە پاڵ رەخنەگران گوایە نۆکەری بریتانیاو ئەمریکان، ئەمەش بۆ لەکارخستنو بێ بەری کردنی رەخنەگرەکان لە بەرێوەبردنی کاروباری کۆمارو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەکرا بە پەڵپ.